# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاوێژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# کارامەیی ڕازیکردن لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا

م . ی . شوان نەجمەدین عومەر

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر
Shwan.omer@su.edu.krd

پ. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی

زمانی کوردی/کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەدین
abdulwahid.mahmood@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زانستی پڕاگماتیکدا وەک بەشێک لە واتای دەروونی باس لە کارامەیی ڕازیکردن دەکات لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا. کەرەستەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە زمانی ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەو پێیەی زمان وەکوو تاکە ئامرازی بەهێزی پەیوەندیکردن و تێکەڵاوی نێو کۆمەڵگە و هۆکاری ئاسانکردنی کاروباری ژیانی مرۆڤە، هەروەها گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی زانست و زانیاری و گفتوگۆی ژیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و... هتد. زۆر جار پێویستمان بە گرنگیی ڕازیکردن دەبێت، بیر دەکەینەوە چۆن قەناعەت بە بەرانبەرەکەمان بکەین، مەبەستەکانیش جیاجیان، بۆ نموونە سیاسەتمەدارێک پێویستیەتی تاکوو دەنگی پێ بدەن لە هەڵبژاردن و بازرگانێک وەیا خاوەن پیشەیەک پێویستیەتی تاکوو کڕیاری زۆرتر بۆ خۆی ڕابکێشێت، ئەمانەش هەموو پێویستیان بە کردەی ڕازیکردن هەیە تا لە کارەکانیاندا سەر بکەون. لەم توێژینەوەیەدا ڕازیکردن و ئاڕاستەکردنی جەماوەر بە هۆی چەند کارامەییەک باس دەکەین، بۆیە هەوڵ دەدەین کاریگەریی تەکنیک و شێوازەکانی ڕازیکردن لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردن و هێزی لە ڕازیکرنی جەماوەر و سەرکەوتنی لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا بخەینە ڕوو. لە بەشی یەکەمدا بابەتەکانی چەمک و پێناسەی ڕیکلام، هێز و ڕەگەز و ئامانج و کاریگەریی ڕیکلام باس کراوە، هەنگاوەکانی دیزاینکردنی ڕیکلام لە بانگەشەی هەڵبژاردن و قۆناغەکانی ڕازیکردن خراوەتە ڕوو. لە بەشی دووەمدا ناساندنێک بۆ چەمکی ڕازیکردن کراوە و هەنگاو و ستراتیژیەت و بنەماکانی کارکردنی باس کراوە، کارامەییەکانی ڕازیکردن لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردن خراوەتە ڕوو.

کلیلەوشەکان: ڕازیکردن، ڕازیکردنی سیاسی، ڕیکلام، کارامەیی، دیزاینکردنی ڕیکلام

**پێشەکی**

توێژینەوەکـە بـە ناونیشـانی "کارامەیـی ڕازیکـردن لـە ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا"، کـە لـە بـواری واتاسـازیی دەروونیدایـە. لـەم توێژینەوەیـەدا شـێوازی ڕازیکـردن و ئاراسـتەکردنی جەمـاوەر بـە هـۆی چەنـد شـێواز بـەو بـوارە بـاس دەکەیـن، بۆیـە هـەوڵ دەدەیـن کارامەیـی و کاریگـەری و شـێوازەکانی ڕازیکـردن لـە ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن و هێـزی ڕازیکرنـی جەمـاوەر و سـەرکەوتنی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا بخەینـە ڕوو.

**١. ئامانج لە توێژینەوەکە**

ئامانـج و مەبەسـت تێیـدا دەرخسـتنی کارامەیـی کـردەی ڕازیکردنـە لـە پرۆسـەی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا. توێژینەوەکـە بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەی خـوارەوە ئەنجـام دەدرێـت:

- لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـدا گوتـاری سیاسـیی هەڵبـژاردن تـا چ ڕادەیـەک سـوود لـە کارامەیـی ڕازیکـردن وەردەگرێـت؟
- کـردەی ڕازیکـردن لـە دارشـتنی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا وەک ڕەگەزێکـی سـەرەکی بوونـی هەیـە؟
- کـردەی ڕازیکـردن ڕۆڵـی چییـە لـە گۆڕینـی بیـروڕای جەمـاوەردا؟
- ئایـا دەتوانرێـت ڕازیکـردن وەک کردەیەکـی کاریگـەر لـە پێشکەشـکردنی گوتـاری سیاسـی بـەکار بهێنرێـت؟
- گرنگیـی سـەرکەوتنی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن دەوەسـتێتە سـەر چـی؟
- کارامەییەکانـی ڕازیکـردن لـە ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا چیـن؟

**٢. ڕێبازی توێژینەوەکە**

باسـەکە بـە پێـی ڕێبـازی وەسـفی لـە چوارچێـوەی زمانەوانیـی دەروونیـدا بـاس لـە کـردەی ڕازیکـردن دەکات لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا کـە چـۆن پارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ ئاراسـتەکردنی جەمـاوەر و ڕوونکردنـەوەی مەبەسـت و خستنەڕووی ئامانـج.

**٣. سنووری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکـە تایبەتـە بـە کارامەیـی ڕازیکـردن لـە بـواری گوتـاری سیاسـیدا، بـە دیاریکـراوی لـە چوارچێـوەی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا.

**٤. ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

لـەو بەرنامـەی کارەدا پوختەیـەک بـۆ بەشـەکانی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە دەکەیـن کـە پێـک دێـت لـە دوو بـەش، بریتیـن لـە:

بەشـی یەکـەم: چەمـک و پێناسـەی ڕیـکلام، ڕەگەزەکانـی ڕیـکلام، ئامانجەکانـی ڕیـکلام، ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن، دیزاینکردنـی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن، جۆرەکانـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن

بەشـی دووەم: ڕازیکـردن چەمـک و پێناسـەی، قۆنـاغ و هەنگاوەکانـی ڕازیکـردن، بوارەکانـی بەکارهێنانـی ڕازیکـردن، ڕازیکردنـی سیاسـی، کارامەییەکانـی ڕازیکـردن لـە ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا

## بەشی یەکەم

## ڕیکلام لە بانگەشەی هەڵبژاردندا

**١. چەمک و پێناسەی ڕیکلام**

سـەبارەت بـە چەمکـی ڕیـکلام، ئەگەرچـی بۆچوونـی جیـاواز لـە سـەر بنچینـە و ڕیشـەی زاراوەکـە هەیـە کـە هەندێـک لـە توێژەرانـی ئـەم بـوارە پێیـان وایـە زاراوەی ڕیـکلام تورکییـە، هەندێکـی تـر پێیـان وایـە زاراوەکـە لـە بنەڕەتـدا زاراوەیەکـی فەڕەنسییە و لـە "publicite"ەوە هاتـووە کـە بـە واتـای هـاوار یـان سەرنجڕاکێشـانی خەڵـک بـۆ بەرهەمێـک دێـت کـە بـۆ یەکـەم جـار لـە لایـەن "مارسـێل بلانشـێت" کـە دامەزرێنـەری نووسـینگەی ڕیـکلام بـوو لـە فەڕەنسـا؛ بـەکار هاتـووە (تـەلار سـەباح، ٢٠١٣، ٣). بـەڵام بۆچوونـی زۆرینـە بـەرەو ئـەو ئاراسـتەیەیە کـە زاراوەی ڕیـکلام لـە بنچینـەدا لـە زاراوەی لاتینیـی "reoclamo"ەوە هاتـووە کـە بـە واتـای دەنگدانـەوە (resound)، ناڕەزایـی دەربڕیـن (protest) دێـت. زاراوەکـە لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە: "reo" بـە واتـای دووبـارە یـان پـاش، "clamo"یـش بـە واتـای پەیوەنـدی و هـاوار دێـت.

لـە زمانـی ئینگلیزییشـدا زاراوەی "advertisement" بـەکار دێـت، بـە واتـای لقێکـی زانسـتی یـان چالاکیـی ڕیـکلام دێـت کـە لـە کـرداری "advert"ەوە وەرگیـراوە و بـە واتـای سەرنجڕاکێشـانی بەرامبـەر یـان کەسـێک بـۆ شـت و بابەتێکـی دیاریکـراو دێـت (عەبدولسـەلام نەجمەدیـن، ٢٠١٢، ١٥). لـە

زمانی عەرەبییشدا زاراوەی ''اعلان'' لە هەندێک شوێندا وشەی ''اشهار''ی بۆ بەکار دێنن، لە زمانی کوردییشدا هەر چەندە کۆمەڵێک وشەی وەک (ئاگاداری، بانگەواز، پڕوپاگەندە، ئاگانامە، جاڕدان) هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی ڕیکلام لای هەموو چین و توێژەکان بەکار دێت و ڕۆیشتووە (بەهائەدین ئەحمەد، ٢٠١١، ٥). هەر بۆیە ئێمەش لە لێکۆڵینەوەکەماندا هەمان زاراوەی ''ڕیکلام'' بەکار دێنین.

هەوڵ و بۆچوونی زۆر لەئارادا هەبووە بۆ ناساندن و پەرەپێدانی چەمکی ڕیکلام، هەریەکەیان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکار کە هەندێک پەیوەستە بە کات و زەمەن و هەندێکی تر پەیوەندیی بەو ژینگەیەوە هەیە کە ڕیکلامی تێدا گەشە سەندووە و تایبەتمەندیی ئەو بوارەی وەرگرتووە. ئەمە سەرەڕای کاریگەریی ژیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، تێڕوانینی جەماوەر بۆ ئەم بابەتە. کۆمەڵگەکان بە درێژایی سەردەمەکان کاری ڕیکلامیان بەکار هێناوە، بە جۆرێک ئەم چالاکییە بووە بە یەکێک لە ڕووداوە دیارەکانی حکومەتە هاوچەرخەکان. مرۆڤ لە کۆنەوە شێواز و میکانیزمی جۆراوجۆری بەکار هێناوە بۆ کاریگەریکردنە سەر بیروڕا و ورەی بەرامبەر، تا بە ویست و مەبەستی خۆی ئاراستەیان بکات و دەست بەسەر ئیرادەیاندا بگرێت بە ئامانجی لاوازکردنی ورە و ئیرادەیان (فتحی الابیاری، ١٩٨٨، ١٥١). لە سەرەتای سەدەی بیستەم، بە دیاریکراوی لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨)، بە ماوەی دەستپێک و سەرهەڵدانی کاری ڕیکلامی سیاسی دادەنرێت. لەو کاتەدا ئەڵمانیا تاکە دەوڵەت بوو کە دەزگایەکی ڕێکخراوی تایبەت بە ڕیکلامی هەبوو، ئەویش بە مەبەستی گواستنەوەی ڕیکلام لە چوارچێوە هونەری و بازرگانییەکەی بۆ فۆڕمێکی تر کە وەکوو چالاکییەکی حکومیی ڕێکخراو لە خزمەت دەرخستن و گەیاندنی بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی نازییەکان بێت (فتحی الابیاری، ١٩٨٨، ٢١٨). ڕیکلام چالاکییەکە بە یەک ئاراستە بەدوای کۆکردنەوەی هێزی سۆزداری و بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکاندا دەگەڕێت، بێگومان هەوڵی ڕازیکردنی بەرامبەر (جەماوەر) دەدات بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتار و ڕازیکردنیان بە بیرۆکەیەک یان پرەنسیپێکی دیاریکراو، بە جۆرێک ئەگەر تاکی ئاراستەکراوی دەوروبەری ئاخاوتنەکە بەجێی نەهێڵێت، واتە گۆڕانێک لە دەرکەوتەکانی وەڵامدانەوە و کاریگەرییەکەی بە پێوانەی سەرکەوتنی کاری ڕیکلامکردنەکە دیاری بکرێت (عاطف عدلی، ٢٠٠٩، ٣٣). ڕیکلام و کاری ڕیکلامکردن بە سوودوەرگرتن لە هەندێ یاسا و پرەنسیپی زانستیی تایبەت بە زانستەکانی تر توانیی دەوروبەر و ژینگەیەکی گەشەسەندوو بۆ چالاکییەکانی خۆی دروست بکات، بە جۆرێک لە ماوەی کاری پێشووتری پێشکەوتووتر و کاریگەرتر بێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەسەر شێواز و جۆری کاری ڕیکلامکردن هەبوو، وای کرد ببێتە خاوەن یاسا و ڕێبازی تایبەت بە خۆی، دەوروبەر و ژینگەیەکی هەمەچەشن بۆ کار و چالاکییەکانی دیاری بکات، بێگومان ئەمەش بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی، گرنگیپێدانی لە لایەن سیاسیەتی دەرەوەی ڕژێمە جۆربەجۆرەکانەوە هاتە دی. بەو پێیەی ڕیکلام و کاری ڕیکلامکردن سەرکەوتوو بوو لە هەردوو بواری سیاسی و بازرگانیدا، ئەویش بە دیاریکردن و بەئامانجگرتنی داهاتوو بۆ مەبەست و ڕەفتارە دەستنیشانکراوەکان، ئەمەش وا دەکات بڵێین ڕیکلام و کاری ڕیکلامکردن ڕاستییەکی خۆسەلمێنە بە هەردوو ئاراستەی دەروونی و پەیوەندییە سیاسییەکان.

ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەی ڕیکلام لەو ماوەیەدا بەخۆوەی بینی، وای کرد چەندین چەمک و زاراوەی جیاجیا بێنە ئاراوە، بە جۆرێک کە دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی تایبەت بەو چەمکە کە زۆرینە لە سەری ڕێک کەوتبن؛ کارێکی ئاڵۆز و ئەستەم بێت. ئەمە سەرەڕای بوونی هەوڵی زۆر جیاجیا لە لایەن لێکۆڵەران لە بوارەکانی زمانەوانی و دەروونزانی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕاگەیاندن... هتد، بۆ گەیشتن بە سیاقێکی یەکگرتوو بۆ پێناسەکردنی چەمک و زاراوەی ڕیکلام، ئەمەش بە هۆی بوونی تایبەتمەندی و ڕەگەزی جیاوازی هەریەک لەو بوارانە کە سەرئەنجام کۆمەڵێک پێناسە و بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ڕیکلام و کاری ڕیکلامکردن هاتە ئاراوە. بۆ نموونە:

''سورمان جون بأول'' دەربارەی پێناسەی ڕیکلام دەڵێت: بریتییە لە ئاڕاستەکردن و گەیاندنی بۆچوون و تێڕوانینەکان کە کاریگەریی لە سەر بیرۆکە و ڕەفتار یان هەردووکیان بەیەکەوە هەیە.

''کامبل یونغ'' بەم شێوەیە پێناسەی ڕیکلام دەکات: بەکارهێنانێکی سیستماتیکی و پلاندارێژراوی هێماییە لە ڕێگای ئیحائی یان کارامەیی دەروونی پەیوەندیدار، بە مەبەستی گۆڕان و کۆنترۆڵکردنی بیروڕا و بەهاکان، دواجار گۆڕینی کردار و هەڵسوکەوتە ئاشکراکانە لە ڕێگەی هەندێ هەنگاوی پێشوەختە پلان بۆ داڕێژراو (اسماعيل علي، ١٩٨٩، ١٥٤).

ستانتۆنیش پێی وایە ڕیکلام ئەو چالاکییەیە کە بە شێوەی گرووپ و کۆمەڵ لە ڕێگای هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە پەیامێکی ئاشکرای ڕیکلامکەر بۆ کاڵا، خزمەتگوزاری و بیرێکی دیاریکراو دەکرێن (محمد فريد، ١٩٨٨، ١٤).

''هندرسون'' پێی وایە ڕیکلام: پرۆسەیەکەی مەبەستدارە، هەوڵ دەدات لە ڕێگای کارامەییەکانی ڕازیکردن ئامانجەکانی ڕیکلامکەر مسۆگەر بکات پێش ئەوەی ئەو ئازادیی ڕادەربڕین و وەڵامدانەوە بەکار بهێنرێت، کە خودی پەیامی ڕیکلام و بڵاوکراوەکە پێویستیەتی (محمد عبدالقادر، ١٩٨٧، ١٤٨).

زانای ئەمەریکی ''هارولد لاسويل'' وای بۆ دەچێت کە ڕیکلام بریتی بێت لە: گوزارشتکردن لە هەندێ بیروڕا و ڕەفتار کە لە لایەن تاک یان گرووپێکەوە بە مەبەست ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە سەر ئەو بنەمایەی کە کاریگەریی لە سەر تێڕوانین و هەڵسوکەوتی کەس یان کۆمەڵی تر هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی پێشوەختە دەستنیشانکراو لە ڕێگای هەندێ لادان و کارامەیی دەروونییەوە (محمد جودت، ٢٠٠٨، ٤٨).

هەر سەبارەت بە پێناسەی ڕیکلام، زانای فەڕەنسی ''جاک ایلول'' دەڵێت: چالاکییەکە مەبەست لێی گۆڕینی بیروڕا و ئەو بۆچوونانەیە کە باوەڕ و بیرۆکە (ئایدیا)ی ڕاستەقینەی تاکەکان پێک دێنن، ئەمەش بە ئامانجی باوەشگرتنەوە و ڕازیبوون بۆ باوەڕ و پڕەنسیپە مەبەستدارەکە (صالح خليل، ٢٠١١، ١٧٣). یان هەندێک دەڵێن ڕیکلام ئەو چالاکییەیە کە بە شێوەی نووسراو و بیستراو و بینراو، بە ئامانجی هاندان بۆ کڕینی کاڵا یان خزمەتگوزارییەک، یان بە ئامانجی ڕازیبوون بە بیرێک، شتێک کە ڕیکلامەکەی بۆ دەکرێت؛ ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێن (احمد عادل، ١٩٨١، ٣٥).

لە پێناسەیەکی هاوبەشی نێوان ''بيرت كارنس'' و ''اورنسن''دا کە جگە لە پێناسەی ڕیکلام؛ باسی شێوازەکانی ڕازیکردنی جەماوەریشی تێدا هاتووە، دەڵێن: ڕیکلام بریتییە لە جەوهەری ڕازیکردن. هەموو ڕیکلامێک یان بانگەشەیەک مەبەست تێیدا ئەوەیە کە جەماوەر قەناعەت بە بیرۆکەیەک یان شتێک بکات، چونکە ئامانج و مەبەست لە ڕیکلامکردن بۆ ڕازیکردنی جەماوەرە بە کارێکی خزمەتگوزاری یان کاڵایەک یان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێدا (فاطمة قليني، ٢٠٠٦، ١٥). کەواتە دەتوانین بڵێین ڕیکلام پرۆسەیەکی پەیوەندیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بازرگانییە کە نێرەر تێیدا پەیامێک لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە ئاڕاستەی وەرگر (جەماوەر) دەکات، بە مەبەستی وروژاندن و کاریگەری کردنە سەر بیر و دەروون و هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بیرۆکەیەک یان خزمەتگوزارییەک، لە بەرامبەر ئەمەشدا پاداشتێک پێشکەش دەکات. بەم پێیە ڕیکلام دەبێتە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی، وەک:

١. ڕیکلام؛ سەرچاوە و نێرەری پەیامەکە ئاشکرایە.
٢. ناوەڕۆکی پەیامی ڕیکلام دیاریکراوە.
٣. ڕیکلام پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە کە لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت.
٤. پرۆسەیەکە کات و شوێنی دیاریکراو و ئاشکرایە.
٥. ڕیکلام چالاکییەکی تاکەکەسی نییە، واتە لە لایەن گرووپ و لایەنێکەوە ئەنجام دەدرێت.
٦. ڕیکلام هەم زانستە هەم هونەرە، چونکە شارەزایی و ئەزموون و شێواز لە دیاریکردن و ئامادەکردنی پەیام، دەستنیشانکردنی ئامانج و جۆری کەناڵ، مامەڵەکردن لەگەڵ دەروونی جەماوەر؛ ڕۆڵیان لە سەرکەوتنی ڕیکلامەکەدا هەیە.

٧. یەکێک لە مەبەستەکانی کاری ڕیکلامکردن؛ ڕازیکردنە.
٨. ڕیکلام خاوەن ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە.
٩. پرۆسەیەکە لە سەر بنەمای کاریگەری و وەڵامدانەوە بەڕێوە دەچێت.
١٠. سەرەڕای نیشاندانی بیرۆکە و خزمەتگوزارییە باشەکان، بەڵام زۆر جار زێدەڕۆیی و ناڕاستییشی تێ دەکەوێت.

**٢. ڕەگەزەکانی ڕیکلام**

ڕیکلام بە هەموو جۆر و شێوەکانیەوە پێویستە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوەی تێدا بەردەست بێت (صالح خلیل، ٢٠١١، ٢٥٩):

١. ڕیکلامکار: ناوەڕۆک و کرۆکی ڕیکلام بریتییە لە ململانێ و ناکۆکییەک لە نێوان ناوچەی نێرەر و ناوچەی وەرگر، سەرکەوتنەکەشی بە زاڵبوونی ناوچەی نێرەر و بەدەستهاتنی نیشانەکانی وەڵامدانەوە بەدەست دێت.
٢. بەکارهێنانی هێماکان (نووسراو، بیستراو): بریتییە لەو هێمایانەی نێرەر بەکاریان دەهێنێت بۆ دەربڕینی چەمکەکان، ئەو هێمایانەش جۆرێک لە شۆکی فکری دروست دەکەن کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی پرۆسەی کاریگەری یان شێواندن.
٣. کەرەستەکانی گەیاندن: ئەمانە ڕۆڵیان گەیاندن و بەستنەوەی نێرەرە بە وەرگر، کە پەیامی ڕیکلام لە ڕێگەی کەرەستەکانی گەیاندنەوە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت و پێیان دەگات. ئەم کەرەستانە پێویستە تایبەتمەندیی گشتی لەخۆ بگرن، گرنگترینیان ڕاستەوخۆیی گەیاندن، بەو پێیەی ڕێگە بە دەستتێوەردانی هیچ ڕەگەزێکی تر نەدات، بە تایبەت لە کاتی گەیاندنی پەیامەکەدا.
٤. جەماوەر: بریتییە لەو دەروازەیەی کە پرۆسەی ڕیکلامکردنی پێدا تێپەڕ دەبێت، ڕەگەزی گرنگی ڕیکلامکردنە و هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵە جیاوازانە دەگرێتەوە کە پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت.
٥. لۆژیکی ڕیکلام: ڕیکلام پرۆسەیەکی ڕازیکردنە لە سەر بنەمای یەکگرتوویی لە توخمەکانی ستراتیژیەتی ڕیکلامکردندا. ناوەڕۆکی ڕیکلام ناتوانێت لە هەموو پێکهاتەکانیدا ڕاست و دروست بێت، واتە ناوەڕۆکی ڕیکلام زۆر جار ناڕاستی و هەڵخەڵەتاندنی تێ دەکەوێت، ئەگەر وا نەبووایە پێویستمان بە ڕیکلام نەدەبوو. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەبێ ڕێگە بدرێت ناوەڕۆکی ڕیکلامەکان ببنە جێگەی بڵاوکردنەوەی ناڕاستی و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر. هەروەها لۆژیکییش نییە کە ناوەڕۆکی زۆرینەی ڕیکلامەکان بکەونە خانەی ناڕاستی (درۆ)، چونکە ئەمە خۆیلەخۆیدا شکستی پرۆسەی ڕیکلامکردن دەگەیەنێت. لۆژیکی ڕیکلام ئەوەیە کە زۆرترین ڕێژەی ڕازیکردن بەدەست بهێنیت، تەنانەت ئەگەر لە سەر حسابی ڕاستییش بێت.
٦. دەنگدانەوە: ئەمە خۆی لە ڕادەی کاریگەربوون بە پەیامی ڕیکلامی دەنوێنێت لە نێو جەماوەری دیاریکراودا، تاکوو چ ڕادەیەک پەیامەکە توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت و دابینیان بکات.

**٣. ئامانجەکانی ڕیکلام**

ڕیکلام دارشتەیەکە لە ڕێنمایی، بە ئامانجی هاندانی وەرگر بۆ وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراو بەرامبەر بەو ئامانجەی کە لە لایەن نێرەری پەیامی ئاڕاستەکراوەوە بەدوایدا دەگەڕێت. دەکرێت پوختەی ئامانجەکانی ڕیکلام لە چەند خاڵێک بخەینە ڕوو (عبدالرزاق محمد، ٢٠١٠، ٣٨):

١. وروژاندن و کاریگەریکردنە سەر هەست و دەروونی جەماوەر.
٢. بەتاڵکردنەوەی ڕق و کینە لە بەرامبەر.
٣. پارێزگاریکردن لە دۆستایەتیی هاوپەیمانەکان.
٤. وروژاندن  و جۆشدانی گیانی جەماوەر.
٥. بەدەستهێنانی دۆستایەتی و پشتیوانیی وڵاتانی بێلایەن.
٦. ڕاکێشانی ڕای گشتیی جیهانی لە بەرامبەر دژایەتیکردنی بۆچوونەکان.
٧. ڕووخانی لایەنی دەروونی و ورەی بەرامبەر، ڕازیکردنی بە نایاسایی ناساندنی ئامانجەکانی.
٨. لاوازکردنی باوەڕی لایەنی نەیار بەرامبەر بەو بیروباوەڕ و بیرۆکەیەی هەیەتی، زیادکردنی گومان و متمانەبەخۆنەبوون.
٩. پشتگیریی دەروونی و خۆڕاگریی جەماوەر، پاڵپشتیکردن لە کۆڵنەدانیان تا سەرکەوتن.
١٠. بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێو ڕیزەکانی

لایەنــی نەیــار، بێهێزکــردن و ماندووکردنــی بــۆ نەمانــی وزەی ململانێکــردن.

١١. کارکــردن لــە ســەر لایــەن و ڕەگــەزە پەراوێزخــراوەکان لــە نێــو ژینگــەی لایەنــی بەرامبــەردا (ئۆپۆزسیۆن، هەڵگــەڕاوەکان، تێکــدەرەکان... هتــد).

**٤. ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردن**

ڕیکلامــی بانگەشــەی هەڵبــژاردن یەکێکــە لــە چالاکییەکانــی بــواری گەیانــدن، کــە بووەتــە جێگــەی بایەخــی توێــژەران. ســەرنجی ئــەو کەســانەی بــۆ لای خــۆی ڕاکێشــاوە کــە گرنگــی بــە ڕیــکلام و پەیوەندییــە جەماوەرییــەکان دەدەن. ڕیکلامــی بانگەشــەی هەڵبــژاردن کۆمەڵێــک هەوڵــی ڕێکخــراوە، پاڵنەرێکــە بــە ئاڕاســتەی تــاک یــان جەمــاوەر، بــە مەبەســت و ئامانجێکــی دیاریکــراو، هەروەهــا جێگــەی گرنگیپێدانــە بــۆ پاڵێــوراوان و قــەوارە سیاســییەکان لــە کات و شــوێنێکی دیاریکــراودا. ڕیکلامــی بانگەشــەی هەڵبــژاردن پلانێکــی داڕێــژراوی پێشــوەختەی گشــتگیر و ماوەکورتــە، پشتبەســتوو بــەو پەیامــە دیاریکراوانــەی ئاڕاســتەی بەرامبــەر دەکرێــن، هاوتەریــب لەگــەڵ دەزگا ڕاگەیانــدن و میدیاییــەکان لــەو ماوەیــەدا کــە تیمــی تایبــەت بــە سەرپەرشــتیکردنی پرۆســەکە هەڵدەســتێت بــە ناســاندنی پاڵێــوراو و بەرنامەکــەی بــە ئامانجــی پاڵپشــتیکردن و بەدەســتهێنانی دەنگــی دەنگــدەران لــە ڕۆژی دەنگدانــدا. ئەمــەش خۆیلەخۆیــدا کردەیەکــی ڕازیکردنــی ڕێکخــراوە بــە هــۆی کۆمەڵێــک کارامەیــی و لــە ڕێگــەی ئامرازەکانــی گەیاندنــەوە ئاڕاســتەی جەمــاوەر و دەنگــدەران دەکرێــت (عبدالســتار جــواد، ١٩٩٥، ٢١).

هەندێکــی تــر بــڕوای وایــە ڕیکلامــی بانگەشــەی هەڵبــژاردن پرۆســەیەکی ڕازیکردنــی ڕێکخــراو و جێگیــرە کــە بەشــێک لــە دەزگا ڕاگەیاندنــە جەماوەرییــەکان پێــی هەڵدەســتن و ئاڕاســتەی ڕای گشــتیی دەکــەن، وەک هەوڵێــک بــۆ بەدەســتهێنانی کۆمەڵێــک ئامانــج لــە لایــەن پاڵێــوراو یــان قــەوارە و لایەنێکــی خــاوەن بەرژەوەندیــی تایبــەت لــە پرۆســەکەدا (Tim O sullivan, 28, 1985). کەواتــە چالاکییەکــی پلاندارێــژە بــۆ ڕازیکردنــی کۆمەڵێکــی بەئامانجگیــراو ئەنجــام دەدرێــت، بــە مەبەســتی ڕازیبــوون، ڕەتکردنــەوە یــان دوورکەوتنــەوە لــە هەنــدێ بیروبــاوەڕ یــان هەڵســوکەوت و ئاڕاســتە کــە بــە شــێوەی قۆنــاغ بەڕێــوە دەچێــت، وەک گۆڕینــی زانیارییەکانــی تــاک، گۆڕینــی ڕادەی تێگەیشــتن، گۆڕینــی بیروبۆچوونــەکان. هەمــوو ئەمانــەش لــە کۆمەڵگەیــەک بــۆ کۆمەڵگەیەکــی تــر بــە پێــی ئاســتی ڕۆشــنبیری، سیســتمی سیاســی، یاســای هەڵبــژاردن، تایبەتمەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان لــە گۆڕاندایــە.

**٥ . دیزاینکردنی ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردن**

شــارەزایانی ڕیــکلام ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکــەن کــە شــەش هەنــگاو هــەن دەبێــت یــەک لــە دوای یەکـتر پەیـڕەو بکرێـن، دەبنــە مایــەی دروســتبوونی ڕیکلامێکــی ســەرکەتوو، ســەرجەم ئامانجــەکان دێنــە کایــەوە کــە لــە پێناویــدا بەرنامــە و نەخشەســازیی بــۆ کــراوە . ئــەم شــەش هەنــگاوەش لەمانــەی خــوارەوەدا خۆیــان دەنوێنــن:

**١. سەرنجڕاکێشان**

ئەگــەر وەرگــر و جەمــاوەر تێبینــی و ســەرنجی ڕیکلامەکــەی نەکــرد، ئــەوا چانســی ســەرکەوتنی ڕیکلامەکــە لاوازە. ســەرەکیترین کار لــە دیزایــن و نەخشەســازیی ڕیکلامــدا، پێویســتە ڕیــکلام ســەرنجی وەرگــر ڕابکێشــێت. لــە ٨٥٪ی ڕیــکلام پەیوەندیــی بــە سەرنجڕاکێشــانەوە هەیــە. کاتێــک لــە دیزاینکردنــی ڕیکلامــدا سەرنجڕاکێشــان فەرامــۆش دەکەیــن، بــەو مانەیــە دێــت کــە ڕازیکردنــی وەرگرمــان لەدەســت دابێــت، یــان بــە لایەنــی کــەم بەشــێکی زۆر لــەو ڕێژەیــە بــە هــۆی فەرامۆشــکردنی سەرنجڕاکێشــانەوە لەدەســت دەدەیــن (ســامان جــەلال، ٢٠١٩، ١٤٣). لــە دیزاینکردنــی ڕیکلامــدا، بــە تایبەتــی لــە ڕیکلامــی پۆســتەر و ئەلکترۆنیــدا، دەبێــت ڕەگەزەکانــی جوانــی، داهێنــان، گونجاندنــی ڕەنگــەکان، ڕەهەنــدەکان، تەواوکاریــی وێنــەکان هەماهەنــگ و لەئــارادا بــن، تاکــوو ســەرنجی وەرگــر و بینــەر بــۆ خــۆی ڕابکێشــێت، چونکــە سەرنجڕاکێشــان بریتییــە لــە یەکەمیــن هەنــگاو کــە ئەمــە پێویســتە بــۆ دەســتەبەرکردنی بەردەوامبوونــی قۆناغەکانــی کاری ڕیکلامکــردن. چەنــد هۆکارێــک هــەن دەبنــە مایــەی سەرنجڕاکێشــان، کــە بریتیــن لــە (مــروة شــبل، ٢٠٠٠، ١٦٠):

**ئـ. قەبارە و پانتایی**

ئەمــە خــۆی لــە ڕەنــگ، توخمــە هونەرییــەکان، دەق و جووڵــەدا دەنوێنێــت.

**ب. دیزاین و دەرهێنان**

ئەمە زیاتر لە ڕیکلامی پۆستەر و ئەلکترۆنیدا پشتی پێ دەبەسترێت کە بریتییە لە فۆرمی کۆتایی ڕیکلامەکە، بەها جوانکارییەکان بەرجەستە دەکەن، یاخود ڕەگەزی سەرنجڕاکێشان دەهێنێتە دی و هەستکردن بە ورووژاندن دروست دەکات.

**ت. بەکارهێنانی وێنە**

لە ڕیکلامی پۆستەردا ئەم ڕەگەزە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە سەرخستنی کاری ڕیکلامکردندا. لەم جۆرە ڕیکلامەدا ئەمە گرینگترین بەشی پەیامی ڕیکلامەکەیە، بەو پێیەی وێنە کاریگەریی زۆری هەیە و ئامرازێکە بۆ پەیوەندییەکی سەرکەوتوو و کاریگەر.

**٢. ورووژاندن و بایەخدان**

لە دیزاینکردنی ڕیکلامدا ڕەگەزی سەرنجڕاکێشان بە تەنها بەس نییە، بگرە دەبێت ڕەگەزی سەرسامبوون هەبێت، لە پێناو بەرکەوتن بۆ ناوەرۆکی پەیامی ڕیکلامەکە. هەر بۆیە ورووژاندن و بایەخپێدانی وەرگر و جەماوەر بە ڕیکلام، لە میانەی پێدانی زانیاری، خزمەتگوزاریی ڕیکلام بۆ کراوەکە بەدی دێت (عبدالرزاق محمد، ٢٠١٥، ٦٥).

**٣. بەدیهێنانی ڕازیکردن**

هەر پەیامێکی ڕیکلامکردن، ئامانجی هێنانەدیی کاریگەریی ئەقڵی یا سۆزدارییە لای وەرگر و جەماوەر، هاوشانبوونە لەگەڵ بەدواهاتنی هزری و لۆژیکی خۆی، تاکوو پەیامی ڕیکلامەکە ڕازیکەر بێت. ئەگەر وەرگر پێی ڕازی نەبێت، ئەوا پەیامی ڕیکلامەکە سەرکەوتوو نەبووە لە هێنانەدیی ئامانجەکانیدا. داڕێژەر و دیزاینەری ڕیکلامی دەبێت جەماوەر ڕازی بکات لە میانەی ئەو ستراتیژیەتە ڕازیکردنەی هەیەتی.

**٤. بەدەنگەوەهاتن**

ئەمە خۆی لە پەیامی ڕیکلامدا دەنوێنێت کە واتا و ئاماژە دەگرێتە خۆی، هانی وەرگر و جەماوەر دەدات بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئەو پەیامەی ڕیکلامکەر پێشکەشی کردووە.

**٥. چەسپاندن لە هزردا**

ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، بەو پێیەی هەر ڕیکلامێک هەوڵ دەدات ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، جا ئامرازە ڕیکلامییەکە هەر چییەک بێت، مەبەستیش لەمەدا نەهێشتن و زاڵبوونە بەسەر خۆلەبیرکردن لە لای وەرگر، ئەمە لە میانەی دیزاینکردنی ڕیکلامێکی سەرنجڕاکێشدا بە شێوەیەک پیشان بدرێت لە هزر و هۆشدا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، بە تایبەت لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا، چونکە ژمارە و ڕێژەی قەوارە و پاڵێوراوان بە جۆرێکە کە پێویست دەکات تاکوو ڕۆژی دەنگدان جەخت لە سەر ناو و ژمارەی باڵێوراو بکرێت، بۆ ئەوەی لە هزر و هۆشی دەنگدەر بمێنێتەوە.

**٦. جۆرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن**

جۆرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە جیهاندا بریتین لە (صفوت العالم، ١٩٩٧، ٤٤):

١. بانگەشەیەکە لە سەر بنەمای کەسایەتیی ئەو پاڵێوراوانەی کە زۆرترین جەماوەر و لێهاتووییان هەیە لەچاو ئەوانی تر، یان لەچاو سەرۆکپارت، سەرۆکلیستی هەڵبژاردندا بنیات نراوە.

٢. ئەو بانگەشەیەی لە سەر بنەمای دەستکەوتەکانی تاک یان پارت و قەوارە بنیات نراوە.

٣. جۆرێکی تر لە سەر بنەمای ئۆپۆزسیۆنبوون بنیات دەنرێت کە خاوەن پلان و بەرنامەی سیاسیی تایبەت بە خۆیەتی.

٤. زۆر جار بانگەشەی هەڵبژاردن لە سەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکانی حکومەت بنیات دەنرێت، لەگەڵیدا هەڵسەنگاندنێکی واقعیانە و دانانی چارەسەر پێشنیاز دەکرێت.

**بەشی دووەم**

**کارامەیی ڕازیکردن**

**٠١ ڕازیکردن (الاقناع - Persuasion)**

ڕازیکردن کردەیەکە ئامانج لێی گۆڕینی هەڵوێست یان ڕەفتاری کەسێکە (گرووپێک) بەرەو بیرۆکە یان مەبەستێکی دیاریکراو، بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی کاریگەر بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ هەستەکان، کە زۆر جار بەکار دێت بۆ دەستکەوتی تاکەکەسی وەک لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا. هەوڵێکی بەئاگاییانەی نێرەرە بۆ

ڕاستکردنەوەی بیرۆکە و ڕەفتار یان هەڵسوکەوتی وەرگر لە ڕێگای چەند پاڵنەرێکەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو (عەبدولواحید دزەیی، ٢٠١٣، ٣٧). ڕازیکردن یەکێکە لە پرۆسە هەستیارەکان، کە سەرەتا لە بیرۆکەیەکەوە دەست پێ دەکات، هەروەها چۆنیەتیی گوزارشتکردن لەو بیرۆکەیە کە بەردەوام ڕۆژانە مرۆڤەکان پەنای بۆ دەبەن، جا بۆ بەڕێکردنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە بێت، یاخود بۆ مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی بێت. هەروەها هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و شارەزاییەکی گەیاندنە و یەکێکە لە بنەماکانی سەرکەوتن، هەر لە خێزانەوە بگرە تا ژیانی پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕامیاری (عەبدولواحید دزەیی، ٢٠١٥، ١٢٦). زۆر جار پێویستمان بە گرنگیی ڕازیکردن دەبێت، بیر دەکەینەوە چۆن قەناعەت بە بەرامبەرەکەمان بکەین، مەبەستەکانیش جیاجیان. ئەگەر تێبینیی ژیانی ڕۆژانەمان بکەین، بە گشتی بە پرۆسەی ڕازیکردن بەڕێوە دەچێت کە لە گشت کایە و بوارەکاندا پێویستمان پێی دەبێت. بۆ نموونە پزیشکێک پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی قەناعەت بە نەخۆشەکەی بکات تا دەرمانەکان لە کاتی خۆیدا بەکار بێنێت یان نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکات. سیاسەتمەدارێک پێویستیەتی تاکوو دەنگی پێ بدەن لە هەڵبژاردندا و بازرگانێک وەیا خاوەنپیشەیەک پێویستیەتی تاکوو کڕیاری زۆرتر بۆ خۆی ڕابکێشێت. ئەمانەش هەموو پێویستیان بە کردەی ڕازیکردن هەیە تا لە کارەکانیاندا سەر بکەون، بە مەرجێک پرۆسەی ڕازیکردنەکە بە شێوەیەکی زانستی و بەرنامە بۆ داڕێژراو بەڕێوە بچێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر بە شێوەی هەڕەمەکی و بێ پلان بەڕێوە بچێت پرۆسەکە، نەک هەر شکست دەهێنێت، بەڵکوو ڕەنگە بە شێوەیەکی خراپ بەسەر نێرەر خۆیدا بشکێتەوە. سەبارەت بە ئەندازەی کارکردنی ڕازیکردن، هەندێک پێیان وایە دوو شێوەی کارکردنی ڕوونی هەیە؛ یان ڕازیکردنێکی ڕاستەوخۆیە کە بە شێوەیەکی خۆکارانە ناونیشان بە وەرگر (جەماوەر) دەدات بەبێ داواکردن و ناوهێنانی سەرچاوە، ئەمەش بەرگریی جەماوەری بەرز دەکاتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی پەیامەکە و قبووڵنەکردنی ناوەرۆکەکەی. یان ڕازیکردنێکی ناڕاستەوخۆیە، کە بە شێوەیەکی شاراوە ناونیشان بە وەرگر و جەماوەر دەدات، ئەمەش پاڵ بە وەرگرەوە دەنێت بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکە وەربگرێت و دواتر بڕیارەکە بدات. ئەم جۆرە ڕازیکردنە زیرەکانە و سەرکەوتووە (مصطفى الدباغ، ٢٠٠٨، ٣٧). هەندێکی تر پێیان وایە ڕازیکردن پشت بە پاڵنەرەکانی ناوەوەی تاک دەبەستێت نەک لۆژیک، بەڵام بە یەکتر تەواوکردنی ئەم دووانە ئەنجامی باشتر دەدات. سایکۆلۆژیەتی ڕازیکردن فرەڕەهەندە، گرنگترینیان دەروونناسیی کۆمەڵایەتییە (Social psychology)، جەخت لە سەر دوو شێوازی ڕازیکردن دەکەن کە بریتین لە: ڕێگای ڕاستەوخۆ کە پشت بە ئەرگۆمێنت و لۆژیک دەبەستێت بۆ هاندانی وەرگر و ڕازیکردنی، ڕێگای ناڕاستەوخۆش بریتییە لە بازدان لە سەر لۆژیک لە ڕێگای پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەماری. بیرلمان و تیتکا دوو جۆر ڕازیکردن لە یەک جیا دەکەنەوە:

ئـ ڕازیکردن لە ئەنجامی کارتێکەرەکانی دەرەوە (Persuasion)

ب٠ ڕازیکردن هەڵقوڵاو لە ناخ و هەست بە دڵنیاییکردن (Conviction)

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ڕازیکردنە لە ڕێگای کاریگەریی ڕازیکەر (Persuasion)، کە شارەزاییەکە لە ڕێگای فێربوون و ڕاهێنان و پیادەکردنەوە وەردەگیرێت و پێش هەموو شتێکیش دەبێت لە خۆمان بپرسین ئایا لە ناخەوە پێویستمان پێیەتی یان نا؟ بێ ئەوەی کەس پێمان بڵێت، دەبێت بڕواتنەکە لە ناخمانەوە هەڵقوڵابێت (عەبدولواحید دزەیی، ٢٠١٥، ١٢٦). ڕازیکردن چەندین پێناسەی هەیە و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بە پێی تێگەیشتن و تێڕوانینی سەبارەت بە چەمکی ڕازیکردن. لەو پێناسانەش:

١. بریتییە لە کارکردنە سەر بیروباوەڕی گوێگر یان جەماوەر، لە ڕێگای هێنانەوەی بەڵگەی پێویست بە مەبەستی گۆڕینی بەشێک یان هەموو لە بیروباوەڕەکانی ئەو کەسانەی پەیامەکەیان ئاڕاستە دەکرێت (مدحت خليل، ٢٠١٢، ٢٦).

٢. کردەیەکی هۆشەکییە، ئامانجی کاریگەریکردنە لە سەر بیری کەسانی تر.

٣. کردەیەکی زارەکییە، بە ئامانجی گۆڕینی ئاڕاستە و

ئارەزوو و ڕەوشتی کەسانی تر (ابراهیم، ٢٠٠٦، ٢٤٧).
٤. کردەی ڕازیکردن پەیوەستە بە نێرەر و وەرگر (جەماوەر)، ئەو ئامانجەیە کە نێرەر هەوڵی بۆ دەدات (عەبدولواحید دزەیی، ٢٠١٣، ٣٧).
٥. پڕۆسەی گۆڕان؛ یان بەهێزکردنی هەڵوێست و باوەڕ یان ڕەفتارە. ئامانج تێیدا تەنیا گۆڕانەوەی ڕاستییەکان نییە، بەڵکوو ڕازیکردنە، بۆیە وەک هونەرێک وەسف دەکرێت کە دەتوانێت جەماوەر بەرەو ئەو ئاڕاستە و بیرکردنەوەیە ببات کە پەیامی بانگەشە مەبەستیەتی (James B Stiff, 1994, 2).

ئەم پێناسانە جەخت لە سەر ئەوە دەکەن ڕازیکردن ئامانجێکە بۆ گۆڕین و ڕازیکردنی بەرامبەر، جا ڕەوشت بێت یان ئاڕاستە یان بیروباوەڕ و لە هەمان کاتیشدا پەیوەستە بە گفتوگۆ و شارەزاییەکیشە لە پەیوەندیکردن. هەموو ئەمانەی باس کران، بە گشتی کۆمەڵێک توانایە بۆ کاریگەری لە سەر وەرگر یان جەماوەر، بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە ڕەفتارێکی دیاریکراو یان بیروباوەڕێک یان وەرگرتنی پێگەیەکی دیاریکراو، هێنانەدیی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی جەماوەر و هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو و ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەو شتەی کە ئێمە پێی دەڵێین پڕۆسەی پەیوەندیکردن.

کەواتە دەکرێت بڵێین ڕازیکردن پڕۆسەیەکی پەیوەندییە کە دەرئەنجامی کارلێککردنی مرۆڤە لە نێوان نێرەر و وەرگردا (جەماوەر)، ئامانجی سەرەکیی گۆڕینی ئاڕاستەی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی مێشکی مرۆڤ و کاریگەریکردنە سەر هەست و سۆزە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

**٢. قۆناغ و هەنگاوەکانی ڕازیکردن**

ڕازیکردن کردەیەکی مەبەستدارە و بە پلان جێبەجێ دەکرێت، هەندێکیان ڕاستەوخۆ و هەندێکی تر هەنگاوبەهەنگاو یان ناڕاستەوخۆیە. ڕازیکردن وەک هەر پڕۆسەیەکی تر پێویستی بە چەند هەنگاوێک هەیە بۆ جێبەجێکردنی، لەم بارەیەوە توێژەران بولەر و هال (Buller & Hall) پێنج هەنگاوی گرنگ بۆ ڕازیکردن دیاری دەکەن (Buller 1998, 155)، لەوانەش:

**١. قۆناغی درکپێکردن:** "بیرکردنەوە و درکپێکردن و ناساندن"ن، ناوەڕۆکی پەیام دەگرێتەوە لە ڕووی قەبارە و گرنگی و هەڵوێست و هەست و سۆزەوە.

**٢. قۆناغی بەرژەوەندی:** وەرگر هەوڵ دەدات زانیاری دەربارەی لایەنە گرنگەکانی پەیام وەربگرێت کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات.

**٣. قۆناغی هەڵسەنگاندن:** وەرگر لەم قۆناغەدا هەڵسەنگاندن دەکات لە نێوان بارودۆخی پێش پەیام و دوای پەیام کە گۆڕانکاریی کردووە، ڕێژەی سوود و قازانج دیاری دەکات.

**٤. قۆناغی هەوڵدان:** وەرگر لەم قۆناغەدا بیرۆکەی پەیامەکە بە شێوەی زانستی تاقی بکاتەوە و درک بە سوود و قازانجی پەیامەکە بکات.

**٥. قۆناغی پەیڕەوکردن:** دوای ئەوەی وەرگر بۆی دەرکەوت کە پەیامەکە سوود و قازانجی هەیە، بیرۆکەکە وەردەگرێت و پەیڕەوی دەکات.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی ڕازیکردن بریتین لە:

**١. هەماهەنگیی پەیداکردن و خۆنزیککردنەوە:** خۆنزیککردنەوە لە وەرگر و جەماوەر دەبێتە هۆی متمانەوەرگرتن و ڕێخۆشکەر بۆ سەرکەوتنی ڕازیکردن.

**٢. گۆڕینی باری وەرگر:** پاش ئەوەی بوویتە جێگای متمانەی وەرگر و جەماوەر، هەنگاوی گۆڕین بۆ بارێکی کاریگەر دەست پێ دەکات لە ڕێگای بیر و جوولانەوە و هەڵسوکەوتەوە. جا هەر چەندە کاریگەریت زۆر بێت لە سەر جەماوەر، کردەی ڕازیکردنەکە ئاسانتر دەبێت.

**٣. ئامادەکردنی باری گونجاو و دەوروبەری گوتن:** بۆ ئەوەی جەماوەر ڕازی بکەین، دەبێت لە بارێکی دەروونی و هۆشەکیی باشدا بین، تاکوو بیرەکامان ڕێک بخەین و بە شێوازێکی ڕوون و سادە و لۆژیکی دەربڕین. کات و شوێن کاریگەریی زۆری هەیە لە سەرکەوتنی کردەی ڕازیکردن، چونکە مرۆڤ هەموو کاتێک لە بارێکی دەروونیی باشدا نییە. هەروەها دەبێت ڕەچاوی دەوروبەری گوتنەکان بکرێت لە دەربڕینی وشە و دەستەواژەکاندا، بزانین لەگەڵ دەوروبەرەکە دەگونجێت یان نا.

**٤. دیاریکردنی تێڕوانی و ئاڕاستەکردنی بە ڕێڕەوێکی تر:**

بـۆ گەیاندنـی داوا و پێشـنیاز، دەبێـت بـە شـێوەیەک بێـت زۆر پاڵەپەسـتۆ نەخرێتـە سـەر جەمـاوەر، بەڵکـوو دەبێـت ئاراسـتەکردنی پەیامەکانمـان بـە کارامەیـی و تاکتیـک بێـت. مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی تێبـگات چ دەڵێـت، دەبێـت ئـەوەی دەیڵێـت بـە ڕێگایەکـی لۆژیکـی شـیی بکاتـەوە و هـەوڵ بـدات بـە چەنـد زانیارییەکـی کـەم؛ وێنەیەکـی تـەواو دروست بـکات. کەواتـە لێـرەدا وێنەیەکـی کەموکوڕمـان پـێ دا و لـەم کاتەشـدا جەمـاوەر بیـری سـەرقاڵ دەبێـت بـە پڕکردنـەوەی کەموکوڕییـەکان. واتـە ئێمـە بابەتەکەمـان دیـاری کـرد لـە مێشـکی جەمـاوەردا، بـەم پێیـەش دەتوانیـن ڕاسـتەوخۆ بگەینـە عەقڵـی بێئاگایـی جەمـاوەر.

**٥. گەیاندنـی پەیـام:** پێویسـتە لـە سـەر ڕازیکـەر (قسـەکەری سیاسـی) بەرامبەرەکـەی (جەمـاوەر) بخوێنێتـەوە، لـە ڕووی تەمـەن و ئاسـتی زانسـتی و ڕۆشـنبیری و ئەنـدازەی دەروونـی، تـا بـەم پێیـە هەڵسـوکەوت بـکات و زانیاریـی ئـەوەش وەربگرێـت جەماوەرەکـەی چیـی دەوێـت و ناشـبێت هەرگیـز بیـر لـەوە بکاتـەوە کـە جەمـاوەر وەڵام یـان بیانـووی نییـە، بەڵکـوو دەبێـت ڕەچـاوی بەرگـری بـکات (عەبدولواحیـد دزەیـی، ٢٠١٥، ١٤١-١٤٥).

**٣. بوارەکانی بەکارهێنانی ڕازیکردن**

ڕازیکـردن لـە بـواری جۆراوجـۆردا بـەکار دێـت، گرنگترینیـان بریتیـن لـە:

**٣-١. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی**

مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە و ناتوانێـت بـە تەنهـا و دوور لـەو کۆمەڵـە ژیـان بگوزەرێنێت. ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە گرنگـە بـۆ تـاک تـا جێـگای خـۆی لـە نـاو کۆمەڵـدا خـۆش بـکات. گرنگتریـن ئـەو بـوارە کۆمەڵایەتییانـەی پێویسـتی بـە ڕازیکردنـە، بریتیـن لـە پتەوکردنـی پەیوەندیـی کۆمەڵایەتـی، زاڵبـوون بەسـەر گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان، ورياکردنـەوەی کۆمەڵگـە و ئاماژەکـردن بـە ڕۆڵیـان، بڵاوکردنـەوەی ڕەفتـاری نـوێ و جـوان و سـڕینەوەی ڕەفتـاری نابەجـێ... هتـد.

**٣-٢. پەیوەندیی سیاسی**

جـۆن مـاری پێـی وایـە گرنگتریـن شـێوەی گەیاندنـە. ئەگـەر ئـەم جـۆرە گەیاندنـە نەبێـت، کۆمەڵگـە تووشـی هەڵوەشـاندنەوە دەبێـت. ڕازیکـردن لـەم گەیاندنـەدا بـۆ بانگەشـەی هەڵبـژاردن و هەڵمەتـی ڕاگەیانـدن و بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـۆ پاڵێـوراو و ئامادەکردنـی بەرنامـەی سیاسـی و خسـتنەڕووی زانیـاری و بەڵگـە... هتـد. هـەر لـە سـەردەمی ئەفلاتـوون و ئەرسـتۆوە گرنگـی بـە گوتـار دراوە لـە ڕێـگای ڕەوانبێـژی و بزواندنـی هەسـت. گوتـاری ئایینـی و سیاسـی یەکێکـە لـەو بوارانـەی ڕازیکردنـی لـە لا گرنگـە و پشـتی پـێ دەبەسـتێت (عەبدولواحیـد دزەیـی، ٢٠١٣، ٤٢-٤٣). کـە "ئەرسـتۆ" پێـی وایـە دەبێـت ڕەچـاوی ئـەم سـێ هەنـگاوە بکرێـت:

١. پشتبەستن بە بەڵگە و سەلماندن.
٢. سوودوەرگرتن لە ئەدگارەکانی کەسی وەرگر.
٣. بزواندنـی هەسـت و سـۆزی وەرگـر (عەبدولواحیـد دزەیـی، ٢٠١٣، ٣٧).

**٤. ڕازیکردنی سیاسی**

ڕازیکـردن پرۆسـەیەکە لـە سـەر بنەمـای پلانێـک جێبەجـێ دەکرێـت، کـە مەبەسـت لێـی گۆڕینـی بیروبۆچـوون یـان هەڵسـوکەوتە. ڕازیبـوون وەک میتۆدێـک دێـت کـە نێـرەر هـەوڵ دەدات هەڵسـوکەوتی ئەوانـی تـر بگۆڕێـت، بۆیـە ڕۆڵـی دەوروبەرێکـی کاریگـەر دەبینێـت بـەوەی کـە گرفـت و کەموکوڕییەکانـی وەرگـر و جەمـاوەر چارەسـەر بـکات و قەناعەتیـان پـێ بهێنێـت، چونکـە ڕازیبـوون کاتێـک زیـاد دەبێـت کـە جەمـاوەر هەسـت دەکات پرۆسـەکە ئامرازێکـە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجێکـی دیاریکـراو کـە هەیانـە، وەک لـە ڕیکلامـە ئامانجدارەکانـدا کـە ئامانجـی گەیشـتن بـە ڕوئیایەکـی دیاریکـراوە بـۆ وەرگـر و جەمـاوەر. لـەم بابەتـەدا ئامـاژە بـە ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن دەکەیـن کـە لـە پەیامەکانیـدا بانگەشـە بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتیی ڕۆژانـەی جەمـاوەر دەکات، بـۆ ئـەوەی ڕیکلامەکـە بـە مەبەسـت و ئامانجەکانـی نێـرەر جێبەجـێ بـکات.

**٥. کارامەیی ڕازیکردن لە ڕیکلامی بانگەشەی هەڵبژاردندا**

ئەمـە کۆمەڵێـک شـێوازی زمانەوانییـە بـۆ ڕێنوێنیکردنـی خەڵـک و جەمـاوەر، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی بیـر و سـەرەنجیان بـۆ ئـەوەی یارمەتییـان بـدات و بتوانـن بەسـەر کێشـەکانیاندا زاڵ بـن، تەنانـەت بـۆ یارمەتیدانیـان بـۆ زاڵبـوون بەسـەر قووڵتریـن کـردەی سـۆزداریدا، بـەو پێیـەی دەتوانێـت

ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ بێئاگاییدا بکات، کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوت و بیروبۆچوونی تاک بەجێ بهێڵێت، سەرنجی بەرامبەر زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، تا مەبەست و ئامانجی دیاریکراو بەدەست بخات. کارامەییەکان بریتین لە:

٥-١. کارامەیی گریمانەکردن

قسەکەر لەو ڕستە و دەستەواژانەی دەریاندەبڕێت بە شێوەیەک گریمانە دەکات کە گریمانەکە هەڵگری واتایەکی ئەرێنی بێت بۆ بەرامبەر، تەنانەت هەندێک جار ڕەنگە گریمانەکە لە ناو خودی دەربڕینەکاندا هەبێت (الکلاب د.ت، ٦). واتە قسەکەر لەو ڕستانەی ئاڕاستەی بەرامبەری دەکات، ئەگەرێکی وا دادەنێت کە دەربڕینەکانی هەڵگری واتا و پەیامێکی ئەرێنی بن و خۆیان لە بیروباوەڕ و حەز و خولیای بەرامبەردا ببیننەوە.

شارەزایی گریمانەکردن یەکێک لەو کارامەییانەی کە لە ڕیکلامی بانگەشەدا بەکار دێت، ڕۆڵی هەیە لە چۆنیەتی و شێوازی ئاڕاستەکردنی جەماوەر، هەروەها لە داڕشتنی ناوەڕۆکی پەیام و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی کاریگەر ڕۆڵ دەگێڕێت بۆ کارکردنە سەر دەروون و بیروباوەڕی بەرامبەر بە مەبەستی ڕازیکردن. بۆ نموونە لەم ڕیکلامی بانگەشەیەدا:

**"تێکۆشان بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی بەپارێزگابوونی هەڵەبجەی شەهید و دابینکردنی بەشەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگا."**

لەم ڕیکلامی بانگەشەیەدا کە ئاڕاستەی جەماوەر کراوە، هەوڵ دراوە لە ڕێگەی کارامەیی گریمانەکردن ئەقڵی ئاگایی بەرامبەر بخەوێنرێت و پاشان ئەقڵی بێئاگایی بدوێنێت، چونکە ئەقڵی ئاگایی؛ لۆژیکی و شیکارییە و پرۆگرامی ئەقڵی بێئاگایی دەکات. قسەکەر گریمانەکاری ئەوەی کردووە کە چی لە بیری جەماوەردا دەسووڕێتەوە. بۆیە لە داڕشتنی ناوەڕۆکی بانگەشەکەی هەندێک وشە و دەستەواژەی وەک (بەپارێزگابوون، هەڵەبجەی شەهید، بەشەبودجە)ی بەکار هێناوە کە گریمانەی کردووە بۆ کارکردنە سەر جەماوەر کاریگەری دەبێت و دەتوانێت ڕازییان بکات. واتە قسەکەر هەستاوە بە خەواندنی ئەقڵی ئاگایی و دوورخستنەوەی، دواندنی ئەقڵی بێئاگایی، چونکە ئەقڵی بێئاگایی بزوێنەری هەست و سۆزە، لۆژیک نازانێت و جیاوازیی نێوان ڕاست و چەوت ناکات، بنچینەی ڕەوشت و تایبەتمەندیی کەسە و ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئامانج و ویستی تاک دەبینێت. بەم پێیە ئەقڵی ئاگایی ئەم سێ کاردانەوەیەی دەبێت:

ئـ. جەماوەر بیرێکی لاوازی هەبوو دەربارەی شتەکە، قسەکەر بەهێزی کرد.

ب. جەماوەر ئەم بیرەی لا نەبوو، بەڵام قسەکەر لای دروست کرد.

ج. بیرەکەی لا بوو و سەرسام بوو بەوەی کە قسەکەر توانیی بیخوێنمەوە.

٥-٢. کارامەیی خوێندنەوەی بیرەکان

خوێندنەوەی بیرەکان، یان خوێندنەوەی بیری کەسی بەرامبەر؛ یەکێکە لەو کارامەییانەی لە داڕشتنی ڕیکلامی بانگەشەدا سوودی لێ دەبینرێت، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت درک بەوە بکرێت لە بیری جەماوەردا چی دەگوزەرێت، هەروەها خوێندنەوە بۆ ئەو بیرۆکانەی کە جەماوەر بیری لێ دەکاتەوە. ئەم کارامەییە هەندێک جار ناو نراوە بە "دەرزیلێدانی بیر یان سڕکردنی بیر"، چونکە ئەم کارامەییە وەک ئەوە وایە دەرزییەک بهێنیت بیرۆکەیەکی دیاریکراوی تێدا بێت و بیدەی لە بیری ئاگایی کەسی بەرامبەر (الکلاب د.ت، ٧). لە پرۆسەی ڕیکلامی بانگەشەدا پێویستە قسەکەر بزانێت جەماوەرەکەی چییان دەوێت و چۆن دەڕواننە شت و دەوروبەریان و دەیانەوێت چی بڵێن. هەروەها هەوڵ بدات بزانێت مەبەستیان چییە و بۆ چ هەوڵ دەدەن، تاکوو بتوانێت وا لە جەماوەرەکەی بگەیەنێت کە پەیام و داواکەی ئەو قازانجی ئەمانیشی تێدایە. ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی ناڕازیبوون یان ترس لای جەماوەر کەم ببێتەوە. بۆ نموونە لەم ڕیکلامی بانگەشەیەدا:

**"دڵنیا بن هیچ کات لە خەم و ئازار و خواستەکانتان غافڵ نابین."**

قسەکەر هەموو ئەو دەرخستنانەی لەم ڕیکلامی بانگەشەیەدا ئاماژەی بۆ کردووە، بە مەبەستی نیشاندانی

هاوڕایـی و دانپیانانـی جەمـاوەرە، تاکـوو هاوبیـری لـە نێوانیانـدا دروسـت ببێـت، ئەمـەش خـۆی لـە کارامەیـی خوێندنـەوەی بیرەکانـدا دەبینێتـەوە، چونکـە قسـەکەر وا خـۆی نیشـان داوە کـە ئـەوەی جەمـاوەر بیـری لـێ دەکاتـەوە؛ دەیزانێـت و هەسـتی پـێ دەکات. لـە ڕێگـەی بانگەشـەکەیەوە بیرۆکەیەکـی بـۆ جەمـاوەر دروسـت کـردووە، وا ڕەفتـار دەکات کـە دەزانێـت ئـەوان بیرۆکـەی دیاریکـراوی ئەویـان هەیـە.

٥-٣. کارامەیی فاکتەری توانا و ئارەزوو نەک پێویستی

فاکتـەری توانـا و ئـارەزوو کارامەییەکـی تـرە لـە ڕیکلامـی بانگەشـەدا بـەکار دەهێنرێـت، تێیـدا قسـەکەر بـە شـێوازێک پەیامەکـەی ئاڕاسـتەی جەمـاوەر دەکات کـە بتوانێـت ئەقڵـی ئاگایـی بخەوێنێـت و لـە داڕشـتنی وشـە و دەسـتەواژەکاندا ئومێـد و ئـارەزووی ئـەوان ڕەنـگ بداتـەوە نـەک ویسـت و ئـارەزووی خـۆی بـە تەنهـا. واتـە قسـەکەر بـە جۆرێـک ئەقڵـی بێئاگایـی جەمـاوەر دەدوێنێـت کـە ئـارەزووی خـۆی بـەلاوە نـاوە و ئامـاژەی بـە ویسـت و ئـارەزووی ئـەوان کـردووە. لـەم کارامەییـەدا پێویسـتە قسـەکەر وا بـکات ئـەو ویسـتەی دەیەوێـت لـە بەرامبەرەکەیـدا دەربچێـت نـەک لـە خۆیـدا، واتـە ویسـت و ئـارەزوو و ئومێدەکانـی خـۆی دەخاتـە پـاڵ کەسـێکی تـر، وەک ئـەوەی ئـەوە ویسـت و ئومێـدی ئـەوان بێـت (الـكلاب د.ت، ٧). دەتوانرێـت لـە داڕشـتنی ڕیکلامـی بانگەشـەدا کارامەیـی فاکتـەری توانـا و ئـارەزوو بـەکار بهێنرێـت، کاریگـەری بـۆ سـەر بیروبـاوەڕی جەمـاوەر دروسـت بـکات. ئەمـەش بـە ئاڕاسـتەکردنی هەندێـک دەربڕیـن کـە پەیوەندییـان بـە ژیانـی جەمـاوەرەوە هەیـە، بـۆ نموونـە:

**"بەیەکـەوە هاتووینەتـە مەیـدان و جیاوازییەکانمـان وەلا نـاوە."**

لێرەدا قسـەکەر گریمانـەی بەلاوەنانـی جیاوازییـەکان، هاندانـی بـۆ جەمـاوەر کـردووە. گریمانـەی بانگەشـەکە ئەوەیـە کـە جەمـاوەر ویسـت و ئـارەزووی هاتنـە مەیدانیـان هەیـە، ئامادەیـی ئەوەشـیان تێدایـە جیاوازییەکانـی نێوانیـان بخەنـە لاوە. ئـەم جـۆرە پێشـنیارانە زیاتـر ئـەو کاتانـە دەکرێـت کـە قسـەکەر و جەمـاوەر گرنگـی بـە ویسـت و ئارەزووەکانـی یەکـتر بـدەن.

٥-٤. کارامەیی بەستنەوە سادە

بریتییـە لـە توانـای بەسـتنەوەی دوو بـاس لـە ڕێـگای ئامـرازی "و"ی لێکـدەر (الـكلاب د.ت، ٩). واتـە لـەم کارامەییـەدا دوو بابـەت تێهەڵکێـش دەکرێـت بـە ئامـرازی "و"، کـە بیرۆکەیـەک بـە هەسـتێک یـان ئەنجامێـک دەبەسـترێتەوە، قسـەکەر بیرۆکەیـەک ئاڕاسـتەی بەرامبـەر دەکات و لـە هەمـان کاتـدا ئامـاژە بـە ئەنجامەکەشـی دەدات کـە لـە بەرژەوەندیـی بەرامبەرەکەیدایـە. بـۆ نموونـە وەک:

**"بـۆ داهاتوویەکـی باشـتر و وڵاتێکـی ئـارام و خۆشـگوزەران، پارتێکـی بەهێـز هەڵبژێـرە."**

**"دەنگـدان بـە پارتـی، دەنگدانـە بـە خۆڕاگـری و خۆ نە چە ما نـد ن .''**

بەسـتنەوەی شـتی بەرجەسـتە بـە نابەرجەسـتەوە، وا لـە ئەقڵـی بێئاگایـی دەکات بیرەکـە وەربگرێـت. بـۆ نموونـە کاتێـک دەڵێیـن: "لێـرە دانیشـە"، ئـەوا شـتێکی بەرجەسـتەیە، ئەقڵـی ئاگایـی بیـری لـێ ناکاتـەوە و کاتێکیـش دەڵێیـت: "هەسـت بـە خۆشـی بکـە"، دەگوازرێتـەوە بـۆ ئەقڵـی بێئاگایـی. کەواتـە بەسـتنەوە دەبێـت لـە نێـوان شـتێکی هەسـتپێکراوەوە بێـت لـە شـتێکی نابەرجەسـتە و سـۆزی زیـادە لـە ڕێـگای "و"ی لێکـدەر.

هەنـدێ جـار یاسـای "٥ + ١" بـەکار دێـت، واتـە بەسـتنەوەی پێنـج شـتی هەسـتپێکراو بـە یـەک شـتی نابەرجەسـتەوە. بـۆ نموونـە لـەم ڕیکلامـی بانگەشـەیەدا:

**"بـە یەکڕیـزی داکۆکـی لـە شایسـتە داراییـەکان و بودجـە و مووچـە دەکەیـن."**

**"بـە یەکڕیـزی وا دەکەیـن خزمەتگوزاریـی باشـتر دابیـن بکەیـن."**

٥-٥. کارامەیی توانای جووتە دژەکان

بریتییـە لـەوەی دوو وشـەی دژبەیـەک لـە واتـادا بـەکار بێنیـن، بـە واتایەکـی تـر: ئەقڵـی ئاگایـی بـە یـەک لـە دژەکان سـەرقاڵ بکەیـن، ئەوەکـەی تریـش بخزێنینـە ئەقڵـی بێئاگایـی (الـكلاب د.ت، ٨). واتـە بەکارهێنانـی دوو واتـا یـان شـتی دژبەیـەک، کـە بـە هـۆی یەکێـک لـە دژەکان ئەقڵـی ئاگایـی دەخافڵێنیـن و ئـەوەی تریـان دەخەینـە ئەقڵـی بێئاگایـی.

ئـەم کارامەییـە لـە ڕیکلامـی بانگەشـەدا بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی جەمـاوەر ڕۆڵـی گرنـگ دەگێڕێـت، چونکـە دەتوانێـت

پەیامێکـی کاریگـەر ئاڕاسـتەی جەمـاوەر بـکات و گۆڕانـکاری بەسـەر بیروباوەڕیانـدا بهێنێـت. کـردەی خەواندنـی ئەقڵـی ئاگایـی و دواندنـی ئەقڵـی بێئاگایـی لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی وشـە و دەسـتەواژە دژبەیەکـەکان ئاسـانتر بـکات. بـۆ نموونـە:

**"بـە دەنگـە پـاک و بێگەردەکانتـان نێشـتمان ڕزگار دەکەیـن لـە گەندەڵـی."**

لـەم ڕیکلامـی بانگەشـەیەدا قسـەکەر مەبەسـتیەتی ئەقڵـی ئاگایـی جەمـاوەر لـە ڕێگـەی دەسـتەواژەی "گەندەڵی"یـەوە سـەرقاڵ بـکات کـە واتایەکـی نەرێنیـی هەیـە، هەروەهـا بـە هـۆی واتـا ئەرێنییەکـەی دەسـتەواژەی "پـاک و بێگـەرد" ئەقڵـی بێئاگایـی جەمـاوەر بدوێنێـت. واتـە بـە ئەقڵـی ئاگایـی جەمـاوەر بڵێـت کـە کێشـەیەک هەیـە ئەویـش "گەندەڵی"یـە، لـە پـاڵ ئەمـەدا بـە هـۆی دەسـتەواژەی "پـاک و بێگـەرد"ەوە هەسـتێکی خـۆش و ئەرێنـی ئاڕاسـتەی ئەقڵـی بێئاگایـی دەکات، بەمـەش لـە جێگـەی کاردانـەوە؛ جۆرێـک لـە ئاسـوودەیی دەروونـی بـە جەمـاوەر دەبەخشـێت. سـەرەنجام قسـەکەر بـە ڕازیکـردن یـان هەڵخەڵەتانـدن بـگات بـە ئامانجەکـەی و دەنگـی جەماوەرەکـەی بەدەسـت بهێنێـت.

٥-٦. شارەزایی هۆ و ئەنجام

بریتییـە لـە ئەنجامـی بەسـتنەوەی دوو ڕووداو یـان ڕسـتە بـە ڕێگـەی "ئەنجـام و هـۆ"، کـە هەردووکیـان ئامـاژەی ئەرێنـی دەگەیەنـن. ڕووداوی یەکـەم "هۆ"یـە؛ ئەقڵـی ئاگایـی پـێ سـەرقاڵ دەکرێـت و ڕووداوی دووەم "ئەنجـام"ە؛ ئەقڵـی بێئاگایـی پـێ دەدوێنرێـت (الـکلاب د.ت، ٩).

کارامەیـی شـارەزایی هـۆ و ئەنجـام دەتوانرێـت وەک ئامرازێکـی کاریگـەر لـە ڕیکلامـی بانگەشـەدا سـوودی زۆری لـێ وەربگیرێـت، بـەو پێیـەی پرۆسـەی ڕازیکردنـی جەمـاوەر ئاسـانتر دەکات. ئەمـەش کاتێـک قسـەکەر بۆچوونێـک بـۆ جەمـاوەر دەخاتـە ڕوو و لـە هەمـان کاتـدا ئامـاژە بـە ئەنجامەکەشـی دەدات، کـە ئەنجامەکـە لـە سـوود و بەرژەوەندیـی جەماوەردایـە. واتـە هـۆ و ئەنجـام هەردووکیـان بەیەکـەوە هاتـوون هـەروەک لـەم بانگەشـەی ڕیکلامـەدا هەسـتی پـێ دەکرێـت:

**"بـە چاکسـازی دەسـتمان پـێ کـرد، بـۆ خۆشـگوزەرانی بـەردەوام دەبیـن."**

**ئەنجام:**

١. کارامەیـی ڕازیکـردن لـە داڕشـتنی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا وەک ڕەگەزیکـی سـەرەکی بوونـی هەیـە.

٢. کارامەییەکانـی ڕازیکـردن لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا بریتیـن لـە: گەیاندنـی ڕاسـتەوخۆ، ڕەسـەنایەتی و گەشـبینی نیشـاندان، ڕەوانـی و پشتبەسـتن بـە بەڵگـە و ئەرگومێنـت، پێدانـی ئـازادی... هتـد.

٣. هەڵبژاردنـی ڕیکلامـی کاریگـەر لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا فاکتـەری سـەرکەوتنی هەڵبژاردنـە، بۆیـە پێویسـتە ڕیکلامـەکان تـەزووی هەسـت و هۆشـی جەمـاوەر بجووڵێنێـت.

٤. کارامەیـی داڕێـژەری ڕیکلامـی هەڵبـژاردن لەوەدایـە لـە یـەک کاتـدا هـەم ئەقـڵ و هـەم سـۆز بورووژێنێـت و کاریگـەر بێـت بـۆ گۆڕینـی ئاڕاسـتەی جەمـاوەر.

٥. هەڵبژاردنـی وشـە و ڕێکخسـتنی زانیـاری و خسـتنە چوارچێـوە، فاکتـەری گرنگـن لـە داڕشـتنی ڕیکلامـی هەڵبژاردنـدا.

٦. بەشـی گرنگـی سـەرکەوتنی ڕیکلامـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن دەوەسـتێتە سـەر کارامەیـی ڕازیکردنـی بـۆ ئاڕاسـتەکردنی جەمـاوەر.

## پاشکۆکان


شکستی هیچ پێکهاتەیەکی عێراق نابێتە
دەسکەوت و سەرکەوتن بۆ پێکهاتەیەکی تر.


دکتور مثنی امین
کاندیدی ژمارە ٢٧
بازنەی (٣)
هەڵەبجە _ شارەزوور
تێکۆشان بۆ تەواوکردنی ڕێکارەکانی بە پارێزگا بوونی هەڵەبجەی شەهید و دابین کردنی بەشە بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگا


بە یەکریزی داکۆکی لە شایستە داراییەکان و بودجە و مووچە دەکەین بەیەکریزی وادەکەین خزمەتگوزاری باشتر دابین بکەین
قوباد تاڵەبانی سەرۆکی هاوپەیمانی کوردستان
NEWS
www.kurdsatnews.com


BMC
بەیەکەوە هاتووینەتە مەیدان و جیاوازییەکانمان وەلاناوە
قوباد تاڵەبانی
سەرۆکی هاوپەیمانی کوردستان


كـاظم يـاور أنـور
BÖLGE / 4
بازنە / ٤
اربيل / ٤
رقم / ٢٠
٢٠
اربيل ٤
٢٠
yurdu, yolsuzluktan temiz
oylarınızla kurtaracağız
بأصواتكم الطاهرة ننقذ الوطن من الفساد


بە چاکسازی دەستمان پێکرد
بۆ خۆشگوزەرانی بەردەوام دەبین
قوباد تاڵەبانی


BAZ
وەیسی سەعید وەیسی
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
دەنگدان بەپارتی ، دەنگدانە
بەخۆڕاگری و خۆنەچەماندن


دڵـــنیا بـــن
هـــیچـــکـــات
لە خەم و ئازار و
خواستەکانتان
غافڵ نابین..
ئەهرۆ مەحموود قادر
٢٦
بازنەی یەکەم

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**

١. بەهائەدین ئەحمەد محەمەد، ٢٠١١، ڕیکلام و پەیوەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢. تەلار سەباح عومەر، ٢٠١٣، شیکارێکی زمانەوانیی ڕیکلامی بازرگانیی بیستراو و بینراو، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

٣. سامان جەلال، ٢٠١٩، ڕیکلام لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٤. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا، ٢٠١٢، شرۆڤەکرنا زمانێ ڕیکلامان، زانکۆی سۆران، هەولێر.

٥. عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٣، ڕازیکردنی خێرا لە چوار هەنگاودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٦. ......... ، زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

٧. ابراهيم، ٢٠٠٦، الاقناع و التاثير دراسة تاصيلية دعوية، مجلة الامام، العدد ٤٩.

٨. اسماعيل على اسعد، ١٩٨٩، الاتصال والراى العام، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

٩. احمد عادل راشد، ١٩٨١، الاعلان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.

١٠. عاطف عدلى العبد، ٢٠٠٩، الاقناع والدعاية الاسس النظرية و النماذج التطبيقية، دار الفكر العربى، القاهرة.

١١. صالح خليل ابو اصبع، ٢٠١١، الاتصال والاعلام فى المجتمعات المعاصرة، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان.

١٢. مدحت خليل، ٢٠١٢، مهارات الاقناع، الدار المصرية للكتاب، القاهرة - مصر.

١٣. مروة شبل عجيزه، ٢٠٠٠، تكنولوجيا الاعلان، دار العالم العربى، القاهرة.

١٤. مريد الكلاب، ت. د، مهارات الاقناع بالايحاء (اللغة الملتونية).

١٥. محمد جودت ناصر، ٢٠٠٨، الدعاية والاعلان والعلاقات العامة، دار مجدلاوى، ط٢، عمان.

١٦. محمد عبدالقادر حاتم، ١٩٨٧، كتابة الاعلام والدعاية، مكتبة لبنان، بيروت.

١٧. محمد فريد الصحن، ١٩٨٨، الاعلان، دار الجامعية، بيروت.

١٨. مصطفى الدباغ، ٢٠٠٨، الاقناع؛ كيف تقنع الاخرين بارائك وافكارك، دار السراء، عمان.

١٩. فتحى الابيارى، ١٩٨٨، الاعلام الدولى والدعاية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

**بە زمانی ئینگلیزی:**

20. Tim O sullivan, etal. 1985, Key concepts in communication, 2n dad use: Methuen co.

21. Hertbert G. kelman and Donald P. warwick, 1973, Bridging micro and macro appronches to social change. in Gerald altman (ed), process and phonnnomans of social change ،john wily and son inc. (N .Y.) 1973.

**ملخص**

يتناول هذا البحث مهارات الإقناع في إعلانات الحملات الانتخابية في إطار علم اللغة النفسي. أداة بحثنا هي لغة إعلانات الحملات الانتخابية، حيث أن اللغة هي الأداة القوية الوحيدة للتواصل والاندماج في المجتمع وسبب تسهيل حياة الإنسان. وكذلك نقل وتبادل المعرفة والمعلومات ومناقشة الحياة والسياسية والاجتماعية والنفسية وغيرها. في كثير من الأحيان نحتاج إلى التفكير في أهمية إقناع خصمنا، فالأغراض مختلفة، على سبيل المثال، يحتاج السياسي إلى التصويت له في الانتخابات ورجل الأعمال أو المحترف يحتاج إلى جذب المزيد من العملاء. وسنتناول في هذا البحث تأثير تقنيات وأساليب الإقناع في إعلانات الحملات الانتخابية وقوة إقناع الجمهور ونجاحه في إعلانات الحملات الانتخابية. يتناول الجزء الأول مقدمة عن مفهوم الإقناع وخطوات واستراتيجيات ومبادئ العمل، كما يتم عرض تأثير الإقناع على الأفكار وردود الفعل على التصرفات العقلية. وفي الجزء الثاني تمت مناقشة موضوعات الإعلان والسلطة والجنس والغرض من الإعلان وتأثيره، كما تم عرض خطوات تصميم الإعلان في الحملة الانتخابية ومراحل الإقناع. الكلمات الدالة : (الاقناع ، الاقناعى سياسي ، الدعاية ، مهارة، تصميم الدعائى ) .



# Abstract

This research deals with persuasion skills in election campaign advertisements within the framework of psycholinguistics. Our research tool is the language of election campaign advertisements, as language is the only powerful tool for communication and integration into society and the reason for making human life easier. As well as transferring and exchanging knowledge and information and discussing life, politics, social, psychological, etc. Often, we need to think about the importance of convincing our opponent, the purposes are different, for example, a politician needs to vote for him in the elections and a businessman or professional needs to attract more clients. In this research, we will discuss the impact of persuasion techniques and methods in election campaign advertisements and the power of persuading the audience and its success in election campaign advertisements. The first part deals with an introduction to the concept of persuasion, steps, strategies and principles of action. The effect of persuasion on ideas and reactions to mental actions is also presented. In the second part, the topics of advertising, power, gender, the purpose of advertising and its impact were discussed, and the steps for designing advertising in the election campaign and the stages of persuasion.


.Keywords: (agree ،agree politically ،order ،skill ،designing the order) .